**ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت چاوپێکەتنیکی لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامدا کە لەژمارە 254 بەرواری 2007/7/23 بلاوکرایەوە. بەلام بەداخەوە سەربارى ئەوەی کەدوو پرسیاریان پەراندووە، هەروەها هەندێك لەپرسیارەکانی تریشیان وەك خۆی بلاونەکردوەتەوە. بۆیە بە پیویستمان زانی کە دەقی چاوپیکەتنەکە جاریکی تر بخەینە بەردەست خۆینەرانەوە.**

**ڕێبوار عارف**

کوردستان ڕاپۆرت : بەهادین وەستا بکری دارتاش ناسراو بە ( ڕێبوار عارف ) لەدایك بووی سالی 1962 تا پۆلی پینجەمی ئەدەی خوێندوەو لە سالی 1978 دەستیداوەتە کاری سیاسی و سالێك دواتر بوو بە ئەندامی کومەلەی مارکسی لینینی کە دواتر بە کۆمەلەی ڕنجدەران ناسرا. بەهادین بەهۆی هەڵسوڕانی سیاسیەوە ناچار لە کۆتای سالی 1981 بەبڕیاری کۆمەلەی ڕەنجدەران چووتە دەرەوە بۆ نیو هیزی پێشمەرگە. تاسالی 1985 لە ڕیزەکانی یەکیەتی نیشتمانیدا دەمینیتەوەو پاشان دەبیتە پیشمەرگەی کۆمەڵەی ئیران و تاسالی 1989 لە نیو کۆمەلەدا درێژە بەکاری سیاسی خۆی دەدات وپاشان دەچیتە هەندەران و لەسالی 1990 لە فنلاندا ژیان بەسەردەبات ولەسەرەتای دروست بوونی حزبی کومۆنیستی کریکاری عیراقەوە لەم حزبەوە ئەندام بووە ئێستە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی ناوبراوە. جگە لەکاری سیاسی ( ڕێبوار عارف) لەسالی 1976 ڕووی لەکاری هونەری شانۆ کردو وەك ئەکتەرێکی دەرکەوتوو لەشاری هەلەبجەی شەهید بۆ ماوەی چەندین سال درێژەی بەکارداو پاشان دواتر لە یەکەمین فیستفالی شانۆی لاوان لە ساڵی 1980 لە شاری ئامیدی خەلاتی باشترین ئەکتەرو باشترین دیکوریستی وەرگرت.

پ/ جاران تۆ بەردەوام خەریکی کارکردن بۆ پەنابەران وکێشەکانیان بووی، بەلاّم وا ساڵێك زیاترە، لەمەیدانە نابیدرێی‌و هیچ فەعالیەتێکت نەماوە، ئەمە هۆی چییە؟

ڕێبوار عارف: ڕێگەبدەن اسلاحێك لەپرسیارەکەتاندا بکەین، من دوابەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس هەلسوڕانی خۆم لەبواری کاری پەنابەیدا ڕاگرت. نەك لەبەرئەوەی کەچیدی نەمەوێ لەم بوارەدا کاربکەم بەڵکو بەکردەوە کێشەی ئاوارەبوونی خەلك بەڕادەیەکی یەکجار زۆر ڕوو لەکەم بوونەوەبوو. نەك هەر ئەمە بەلکو گەرانەوەی پەنابەران بۆ دورەیەك بووە جێگەی پرسیارو زۆرێك لەهەندەرانەوە چاویان بڕیبووە ئەو دۆخە تا لەکاتێکی گونجاودا بگەڕێنەوە. ڕۆشنە کەهەر ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر هەڵسوڕانی ئێمەش هەبووەو ئەگەر بۆ مقتەعێکیش بووە کاری خۆمان لەم بوارەدا ڕاگرین. ئەوەی کەسەرئەنجام دۆخەکە بەبارێکی تردا گوڕاو دیسانەوە مەسەلەی شەپۆلی ئاوارەبوون بەهۆی بەردەوام بوونی سیناریوی ڕەشی داگیرکاری عیراق وکوشتارو تیرۆری هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی ولەخوێن هەلکێشانی شەقام وکۆچەوکۆلانەکان سەرپەنایەکی بۆ ئەمنیەت و ئاسایشی خەلك نەهێشتەوەو تەنانەت تا ئەوشوێنەی کە بەکوردستانیش دەگەڕێتەوە بەهەمان شێوە بەهۆی نەبوونی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکان و هەروەها نەبوونی پێداویستیە سەرەتایەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەچەشنی ئاو کارەباو سووتەمەنی و بەردەوام بوونی سەرکوتی سیاسی وگرتن، کوشتن، زیندانی کردن، نائەمنی، گرانی وکیشەی ئابوری، فراوان بوونەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی کێشەکانی گەنجان وکوشتاری ژنان وکچان وگەلێك کێشەی تری سیاسی کۆمەلایەتیەوە دیسان ئاوارەبوون وکۆچی بەکۆمەل لەئاستێکی زۆرفراواندا بەرۆکی بەخەلکی ئەم ناوچەیە گرتووە، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە کەئێمە ماوەیەکە دیسان وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی نەخشەمان هەیەو بۆی دەستبەکاربووین. جیاواز لە هەموو ئەمانە بۆ هەلسوڕاوێکی سیاسی مەرج نیە کەتەنیا دەق بگرێ بەمەیدانێکەوە توانایەکانی خۆی لەمەیدانێکدا حەسربکات. بەتایبەت ئەمە بۆ ئێمە کە ڕابردویەکی سیاسیمان لە کوردستاندا هەبوو فرسەتێکی گونجاوبووە کە لەسایەی ئەو دۆخەدا جاریکی تر ڕاستەخۆ کۆمەلگای کوردستان بکەینە مەشغەلەی سەرەکی ژیانی سیاسیمان، کەبەکردەوە ئەم سالانەی دوای ئێمە لەم مەیدانەدا جارێکی تر دەرکەوتینەوە.

پ/ گەلێك لە نزیکەکانت باسی ئەوە دەکەن کە کەمپینەکانی تۆ هیچیان تاسەر نین... ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

ریبوار عارف: ئەم بۆچوونە حوکمیکی قورسەو دیقەتی پێویستە. بەرلەهەرشتیك ئەو بلّیم کە بۆ کەسێکی سیاسی مەرج نیە کە هەموو ژیانی خۆی بۆ کەمپەین وکەمپەینکاری تەرخان بکات. ئەمە جگە لەوەی کە هەر کەمپەینێك بۆخۆی ئامانج وسەقفێکی زەمەنی

دیاریکراوی هەیە وانیە کە لەگەڵ ژیانتا درێژە بکێشێ. تا ئەو جێگەی کە بەکەمپەینەکانی منیش دەگەڕێتەوە لە دوو قوناغدا خۆیان دەبینەوە کەدەورانی بەر لەڕووخانی بەعس و دەورانی دواترە. کە ئەرشیفێکی گەورەو سەدان وهەزاران پەنابەر شاهیدی ئەو ڕاستیەن کە ئێمە وەك فیدراسیون لە سالانی ڕابردودا دەیان کەمپەینی سەرکەوتوومان هەبوو لە ولاتانی یونان، بەریتانیا، سوید ، فنلاند، ئەلمان، سویسرا، هولندە، تورکیا... کە لەسایەیاندا گیان وژیان ومافی سەدان وهەزاران پەنابەر پارێزراوە. تائەوجێگەی کەقسە لەسەر کەمپەینەکانی ئەم چەند ساڵەی دوای بێت ئێمە چەند کەمپەینێکی دیاری کراوبوومان هەبووە لە چەشنی کەمپەینی دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس، کەمپەینی داکۆکی کردن لە ئازادی دکتۆر کەمال، کەمپیەنی داکۆکی کردن لە مەریوان هەلەبجەی... کە تا ئەوەی بە جێگەو ڕێگەی ئێمە دەگەڕێتەوە لە دوو کەمپەینەی دوایدا ڕەنگە هەموو ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ئەو دوو کەمپەینەن ئاگاداری ئاستی کەم وێنەی سەرکەوتنەکانی ئەو دوو کەمپەینەش بووبن. بەلام تا بەکەمپەینی دادگای کردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس، دەگەڕێتەوە ئەمەیان جێگەی باسەو تیارامانە. کە بەبڕوای من ئەگەر ئەو کەمپەینە بەردەوام بووایە دڵنیام کە کاریگەریەکی دیاریکرداوی دەبوو لە پرۆسەی دادگای کردنی سەرانی بەعس. بەلام ڕێگە بدەن با ئەوەش بلین کە لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری کێشەکانی ئێمە لەم بوارەشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگری و بایکۆتەی کەحکومەتی هەرێم و پارتی و یەکیەتی لەسەر ئێمەیان دانا. ئەوان جیاواز لەوەی کە ئامادە نەبوون هیچ جۆرە هاوکاریەکی مادی و مەعنەوی ئەم کەمپەینە بکەن هەروەها لە ڕووی اعلامی و عەمەلیشەوە ئەم کەمپەینەیان باکۆتکرد. هەموو ئەمانە لەکاتێکدا بوون کە ئێمە ڕەچاوی هەموو ڕێو ڕەوشتێکی یاسایمانکردبوو...بەلام پێدەچێ ئەوان نیگەرانی ئامانجەکانی ئەم کەمپەینە بووبن کەگسکدان ودادگای کردنی بەعسیزم و ناسیونالیزمی عەرەب وهەموو ئەو فایلدارانەبوو کەهاوکارەکانی بەعس بوون. بۆیە هەموو دەروازەیەکیان بەڕووی ئێمەدا داخست. بەلام سەرباری هەموو ئەمانەش ئەگەر کەسێك پێمان بڵێ ئایا ئێوە نەتان دەتوانی جیاواز لەوکاروکەنالانە بەشێوەو ڕەوشتیکە لەسەر ئەم کەمپەینە بەردەوامبن؟ لێرەدا سەرباری هەموو ڕێگریەکانی دەسەلات پەی ئیشکالێکی کاری خۆشمان دەبەین ولەوەلامدا دەڵێم بەڵی بەتایبەت لەهەندەران ئێمە لە جێگەو ڕێگەیەکی زۆرباشتر بەهرەمەندین، دەکرا سەرباری ئەو ڕێگریان ئێمە بە شێوەیەکی ترو لە ڕێگەیەکی ترەوە لەسەرکارەکانی خۆمان بەردەوام بووینایە.

پ/ سەبارەت بەمەسەلەی کێشەی ژنانو دەستدرێژی بۆسەریان لەناو کوردانی دانیشتووی ولآتانی ئەوروپا رۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات، ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی بێ مافی ژنان گیری نەخواردووە، بەڵکو تەجوازی کوشتنیشی کردووەو ئاستێکی مەترسیداری وەرگرتووە، بە شێوەیەك کەباسی دەکەن لەولآتێکی وەکو نەرویج ماوەی دووساڵە کورد لەریزی پێشەوەی پێشێلکەرانی مافی ژنان دێت...تۆ هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

ڕێبوار عارف: سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئەوە نە تەنیا نەرویجە لە ماوەی دوو سالی ڕابردودا کورد لەڕیزی پێشەوەی ژن کوژی ونامۆسپەرستدا دەدەنین و نەتەنیا خەڵکی کورد زمانیشە کە میدالی نامۆسپەرستی و ژن کوژی لە بەرۆك دەدرێ. بەڵکو ئەوەی کە ئەم حاڵەتە بەرجەستە دەکاتەوەو بەشێك لە خەلکی کودزمان دەخاتە ڕێزی پێشەوە بەبڕوای من دوو فاکتەرە. یەکەم بێ دەربەستی ودەسەلات لەکوردستان.... دووەم بوونی بەرەیەکی فراوان لە ئازادیخوازان لەهەندەران. ڕێگەم پێ بدەن بۆ ڕوونکردنەوەی هەردوودیوی ئەم مەسەلەیە قەدەریك زیاتر بدوێن. 16 ساڵە کوردستان بووتە قەسابخانەو مەڵبەندی لەگوڕ نانی ژنان وکچان ودەیان هەزار ژن و کچ تیرۆرکران. بێ سەروشوینکران، سوتێنران، سەربڕان، بەردەبارانکران کەچی تازە بە تازە باس لە سولحی عەشائیری دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. تازە ڕێکخراوەکانی ژانی سەر بە پارتی ویەکیەتی داوا لەحزبەکانیان دەکەن کە دالدەی تاوانبارانی ژن کوژ نەدەن لەلای خۆیان. تازە داوا لەپەرلەمانتاریستەکان دەکرێ کە دالدەی ژن کوژان نەدەن لەلای خۆیان. تازە پەرلەمان بیر لەدەرکردنی یاسایەك دەکات بۆ ڕێگرتن لە دیاریدەی ژن کوشتن. کەدیارە هەموو ئەم دەست ئاولاکردن وشانخالی کردنەوەیەی دەسەلات دەرفەتێکی فراوانی بۆ نامۆسپەرستان وپاراستنی هەموو داب ونەریتەکانیا دەخولقێنێ بەشێوەیەك کەهەلگرانی ئەم پەیامە دەماری غیرەتی نامووسپەرستیان لەهەندەران زیاتر دەجولێ وپەیگیرتردەبن بۆ پاراستن وپەرەپێدانی هەمان داب ونەریتی کونەپەستانە. ئێوە تەسەوربکەن کاتێك کە هانا بەپلانی باوکی چەند سالێك لەمەوبەر تیرۆر دەکرێ دەسەلات تەنیا یەك سال سزای باوکی دەدات لەکاتێکدا کە خزمێکی بەشداری پاش گەڕانەوەی بۆ سوید دە سالّ سزای بەسەردادەرێ بە تاوانی بەشداری کردن لە پرۆسەی کوشتنی هانادا کە پەنابەربوو لە سوید. بەهەمان شێوە کاتێك کە بەناز بەوشێوە دەکوژرێ کەسانێك کە بەشداربوون لە پرۆسەی کوشتن و لەناوبردنی بەنازدا دێنەوە کوردستان ئێرە بە ناوچەیەکی ئایش

بۆ خۆیان دادەنین وبەپانی وفراوانی ئەم شەقامانە دەگرێن بەبێ ئەوەی کە کەسێك بلێ بەری چاوتان کلی پیوەیە. ئیترچۆن ناوی کورد ناچێتە لیستی سەرەوەی فایلی تاوانباران و پێشلکارانی مافی ژنان. لەکاتێکدا کە ئەم هەموو تاوانە لە ژێرسایەی قەلەمڕەوی دەسەلاتی ئەم ناوچەیەدا بێ هیچ لێپرسینەوەیەك درێژە بە تەمەنی خۆی بدات. لایەنێکی تری ئەم باسە دەورو جێگەو ڕێگەی بزوتنەوەیەکی بەرابەرخوازو ئازادیخوازە لە هەندەران. ئەم بزوتنەوەیە هیچ پاکانەکردنێك بۆ کوشتنی ژنان دیاریدەی ناموسپەرستی لە ژێرناوی پاراستنی هیچ ئاین قەوم و قەبیلەیەکدا قبول ناکات وبەدەنگی بەرز ناڕەزیەتی خۆی دەربڕێت ئاکیسۆن دەکات کۆڕ دەگرێ، دەنووسێ، نیهادە نیونەتەوەیەکان ئاگاداردەکاتەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم ولاتانە ڕادەچلەکێنی، ناڕەزایەتی دژ بە دەسەلات بەڕێ دەکات بە کورتی هەر ڕێگەیەك دەگریتەبەر کە وێنەیەکی تر لە خەلکی پیشکەوتووخوازوسکۆلاری کوردستان بدات بەدەستەوەو ئەو دەرك وتێگەشتنە بەدرۆبخاتەوە کەکوردستان تەنیا کۆرەپانی خۆ نیمایشکردنی نامۆسپەرستان و کۆنەپەرستانە، یا ئەوەی کە خەلکی کوردستان ملیان داوە بەیاساو ڕیسایەك کە شەرعیەت بە قەسابی کردنی ژنان دەدات لەژیرناوی پاراستنی هەرجۆرە داب ونەریت ویاساو ڕیسایەکدا. بەبڕوای من ئەم دوو فاکتەرە پێچەوانەیە بوونەتە هۆی ئەوەی کەناوی ئەوبەشە لە خەلکی کوردزمان دەخاتە ڕیزی پێشەوەی پێشلکاریەکان ئەگینا خۆ زۆرجار دەبینین و یاگوێ بیستی ئەوە دەبین کە بەهەمان شێوە کچێك یا ژنێکی فلانە ولات بەتاوانی ناموسپەرستی کورژراوە، بەلام زیاتر وەك هەوالێکی ساردی ڕۆژنامەکان خۆی نیشان دەدات نەك هیچ شتێکی تر. کە دیارە سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی ئەم ولاتانەش بۆ خۆی لایەنێکی تری باسەکەیە کە ڕەنگە لێرەدا زۆرجێگەی ئاوڕلێدانەوە لە تەوەرێکی ئاوا ئالۆزو فراوان نەبێ. بەلام لە یەك ڕستەدا ئەم سیاسەتە بەهۆی بەڕەسمیەت ناسینی مافی پاراستنی فەرهەنگ وداب و نەریتی ئەقلەیەت وئاینەکانەوە هێندەی تر دەستی کۆنەپەرستی ونامۆس پەرستی بۆ پەرپیدان بەم کوشتارو سەرکوتەی ژنان و مندالان ئاوەلادەکات.

پ / سالی پار لە ئامارێکدا کە لەسەر تۆڕی ئینتەر نێتو ژووری پالتاك مەسەلەیك ببوە جێگەی گفتوگۆ ئەوەبوو، لەولاتی سوید نزیکەی 5000 ژنی کورد، لەماوەی شەش مانگدا لە هاوسەرەکانیان جیاببوونەوە، هاوکات تەمەنی زەواجی زۆربەیان سالێك یان دووسال یان شەش مانگ بوو، ئایا ئەم رێژە زۆرەی جیابوونەوەی ژنی کورد لە ولاتی ئەسکەندەنافیا لە هاوسەرەکانیان تۆ هۆکارەکەی چییە؟

ڕێبوار عارف: بەبڕوای من مەسەلەکە تەنیا سوید ولاتانی ئەسکەندەناڤیا نیە، ئەمڕۆ مەسەلەی جیابوونەوە تەنانەت لەکوردستانیش خۆی لەئاستێکی زۆر فراواندا دەبینێتەوە، کەڕەنگە هەندێك هۆکاری هابەشیان هەبێ. بەلام لەبازنەی پرسیارەکەی بەڕێزتان دەرنەچین وبگەڕینەوە بۆ ئاوڕدانەوە لە هۆکارەکانی ئەم دیاریدەیە لە سوید. ئێوە سەرنج بدەن کەکۆمەلگای کوردستان لەپاش ڕاپەرینی بەهاری 1991 بەچ پرۆسەیەکدا تێپەری، ئاوارەبوون، گەماوری ئابوری، شەروکوشتارو نا ئەمنیەکی بەردەوام ... یەك بەیەکی ئەم دیاریدانە جێگەو ڕێگەی ژنانی بەگشتی لاوازولاوازترکردوەتەوە. لە ڕۆژگارێکدا کەخەلکی ئەم ولاتە بەدوای کۆکردنەوەی گولە گەنمدابوون بۆ ڕێگرتن لەمەرگی مندالانەکانیان هەر ئەوەکاتە ژنانیش لەهەر سەردەمیکی تر زیاتر وەك کالایەك لەبازاڕدا ساغ دەکرانەوە. دیاریدەیەك کە تاسەرئێسقان نائیسانی وداسەپێنراو بوو بەسەر ژنان وکچانی کوردستانەوە فرۆشتنیان بوو بەپیاوان و کۆرانی دۆلارلەشان کە لەئەورپاوە دەهاتنەوە کوردستان ولەماوەی چەند ڕۆژو هەفتەیەکدا بەدلی خۆیان لەهەر کولان وبازارو خوێندنگاو شەقامێکدا هەرکیژێکی کە کەمترین تەمەن و زۆرترین سیفەتەکانی جوانی تیدابوایە دەکرایە هاوسەری ئاغای دۆلارلەشان. کەدیارە لەدۆخە نائینسانەیەدا لە دەورانی برسیەتی وبیکاری وهەژارو نائەمنی کوردستاندا چ کچان وچ خیزانەکانیان ئەوەیان بۆ پرسیارنەبوو کەئایا سەرگەرمی پێکهێنانی چ جۆرە خیزانیکن، گرنگ ئەوەیە سبەینی دەچیتە ئەوروپا. ئەمە وەك هۆکارێکی سەرەکی تەورێکی فرەڕەهندە کەناتوانرێ لەم دەرفەدا بەرتەسکەدا وەك پێویست ئاوڕی لێبدرێتەوە. بەلام با سەیربکەین کاتێك کە کچێك لەو دۆخەداو بەوشیوازە ناچار بەشوکردن دەبێ ئاخۆ چ ئایندەو ژیانێك یا ڕاسترە بلین چ ژانێك چاوەرانی دەکات. ئەورپا کۆمەلگایەکی کراوەو بەرادەیەك ماف و ئازادیەکانی ژنان بەڕەسمیەت ناسراوە .کاتێك کە بەبێ هیچ رابردودیەك و تەنانەت هیچ یەکترناسین و پەیوەندیەکی خۆشەویستی وئینسانی پێدەنیتە ئەم کۆمەلگایەوە بێگومان دەستکەوت وماف وئازادیەکانی ژنانی ئەم کۆمەلگایە زۆربەخێرا پرسیاری بۆ درست دەکات و بیردەورژێنێت بەدوای ماف وئازادیەکانی خۆیدا دەگەرێ. بەتایبەت ئەمە لەکاتیکدایە کەجیابوونەوە لەم کۆمەلگایانەدا هیچ کێشەیەکی ئابوری بۆ ژنان دروست ناکات وئەویش وەك هەر ئینسانێکی تری ئەم کۆمەلگایە بیمەی بیکاری هەیە. لەپال ئەمەشدا دەروازی بازاروکارکردن زۆرکراوەیەو بۆیە کاتێك کەژنان هەستیان بە استقراری ئابوری خۆیان کرد ئیتر ناچارنین بەوەی کە هەرجۆرە سوکایەتی وکۆیلایەتیەك قبول بکەن و سەرئەنجام پرۆسەی پیکەوە ژیانی ئەو دوو کەسە زۆرکورت ماوە دەبێ و جیابوونەوە ڕوودەدات. ئەمە جیاواز لەوەی کە لەم کۆمەلگایانەدا یاسایەك

هەیە پێ دەلین یاسای بەرابەری کەزۆر لایەنی ئابوری وکۆمەلایەتی و فەرهەنگی تیدا لەبەرچاگیراوە کە هەموویان دەوردەگێرن لەفەراهەم کردنی ژیانیکی ئینسانی تربۆ ژنان کە ژنان و کچانی کوردستانیش هەر لەسەرەتای چونە نێو کۆمەلگاوە بەهرەمەندبوون لەو ئیمکاناتە بەمافی ڕەوانی خۆیان دەزانێ بۆیە ئیتر هێواش هێواش قلشتی جیابوونەوە ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێ بەهەمان شێوە ڕۆژبەڕۆژ ئاماری جیابوونەوەکان بەرزتردەبنەوە. دیارە هوکاری تری وەك پیاوسالاری ونامۆسپەرستی ودواکەوتی کە پیاوان دووچاری شوك ونیگەرانی زۆرتردەکات و یئتر دەورانی پێکەوە ژیان لەباردەبات. دواین خالێك کە لەڕیشەوە ئەم جۆرە ئامارانە دێنێتە ژێرپرسیارو مەرج نیە دروست بن ئەوەیە کە زۆرێك لە خێزانی پەنابەران بۆ سوئیسفادەکردنی مادی دەچن بەشێوەیەکی ڕەسمی جیادەبنەوە بەبێ ئەوەی کە لەعالەمی واقدا جیابوونەوە تەنیا بۆ ئەوەی بیمەوخزمەت گوزاریەکی زیاتری ئەو کۆمەلگایانە لوش بدەن، کە ئەمە سیمایەکی لەرادەبەدەر ناشیرین و نالەباری بە تایبەت بەپەنابەران و خارجیان داوە.

پ/ ئێستا کە عێراق بە دۆخی مەترسیداو خوێناویدا تێدەپەڕیت، بەبڕوای تۆ کەیسی پەنابەرانی عێراقی تا چەند مەقبولە لەوڵاتانی ڕۆژئاوا، کەدەبینین کۆچێکی زۆر لە ئیستادا لە عێراقدا دەستی پێکردووە؟

ڕێبوار عارف: بەرلەوەی کەباس لەمقبولیەتی کەیسی پەنابەری عیراقی بکەین دەبێ ئاوڕێك لەسیاسەت وئاراستەکانی ولاتانی ڕۆژئاوا بدەینەوە سەبارەت بەدانی مافی پەنابەری. هەقیقەت ئەوەیە کەدەمێك سالە ولاتانی ئەورپا بەگشتی دەیانەوێ کۆتای بەمافی پەنابەری وتەنانەت کارپێ نەکردن بە پرۆتۆکۆڵە جیهانەکانی لەچەشنی ڕێکەوتنامەی جنیفی 1951 وساڵ بەسال زیاتر شانی خۆیان لەژێرباری ئەو ڕێکەوتنامانەدا خالی دەکەنەوەو نەك هەر ئەمە بەلکو چەندین پرۆژەو نەخشەیان هەیە بۆ کۆتای هێنان بەدانی مافی پەنابەری لەچەشنی ( کردنەوەی ئۆردوگای پەنابەری لەولاتانێك کە بەهۆی شەڕوکێشەکانی ترەوە ڕووبەڕووی شالاوی ئاوارەبوون دەبنەوە، لەچەشنی کردنەوەی ئوردگای گەورە لەولاتانی بالتیك، کردنەوەی ئۆردگای گەورە لە ولاتانی دراوسی وتەنانەت هەولدا بۆکردنەوەی ئۆردگای گەورە لە ولاتانی ئەوروپا لە دەرەوەی شارو ناوچە ئاپۆرەکاندا. زۆربلیمان نەکردوە ئەگەر بلین لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تائێستا دەیان ڕێکەوتنامەی نێوان خۆیان پەسەندکردوە بەمەبەستی کۆتای هێنان بەمافی پەنابەری بۆیە سەرباری شەڕو کوشتارێك کەبەرۆکی بەخەلکی عیراقدا گرتووە ناکرێ مقبولیەتی کەیسی پەنابەری عیراقی بەتەنیا تاوتۆێ بکرێ بەلکو هەموو مافی پەنابەری زۆرێك لە پرۆتۆکۆلە جیهانەکان بوونە قوربانی کۆتای هێنان بەشەڕی ساری نێوان ئەو دوو بلۆکە وە لەگەلْ کۆتای هاتنی شەڕی سارد دەروازەی سنوورەکانیش بە ڕووی پەنابەراندا داخران وئیتر دانی مافی پەنابەری ڕۆلی ئەو کارتە سیاسەیەی نەماوە کە لەسەر دەمی شەڕی ساردا وەك وەسیلەیەك بەکاردەهات و بەپێچەوانەشەوە زیاتر لەدەهەیەکە هەموو غەم ونەخشەی ولاتانی خۆرهەلات لەلای چۆنیەتی کۆتای هێنانە بەدانی مافی پەنابەری. بۆیە تا بەو شوێنەی کە بەعیراقیش دەگەڕێتەوە لایەنێکی تری ئەم مەسەلە ئەوەیە کە ئەو ولاتانە بۆخۆیان بەحوکمی ئەوەی کە چوونەتە پشت سیاسەتەکانی حکومەتی بۆشەوە ئیتر بۆیان گرنگە کە بەهەر نرخێك بێ ڕەسمیەت بدەن بە حکومەتی عیراق وەك ولاتێکی دیموکراسی وئەمن، ئەوەنیە ئێستە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا سەرگەرمی ناردنەوەی پەنابەرانی کوردن بەبەهانەی ئەوەی کە گوایە ناوچەکانی باکوری عیراق ئاسایشە ئەوە نیە کار بە شوێنك گەشتووە کە یوئێن لە کۆی زیاتر لەچوار ملیون پەنابەری عیراقی داوا لەولاتانی ئەوروپا دەکات کە مافی پەنابەری بدەن بە 20 هەزارکەسیان. نەك هەر ئەمە تۆ سەرنجی ژیانی زیاتر لە دوو ملیون پەنابەری عیراقی لە ئەردەن وسوریا بدە کە لەچ کارەساتیکدا ژیان بەسەر دەبەن وچۆن لە سەرەتایترین مافەکانی خۆیان بەبێ بەشکراون تەنانەت نان وشیری مندالان وخوێندگایان بۆ بووتە گرفتێکی لەڕادەبەدەر گەورە هیچ ولاتێکی غەربیش ئامادە نیە نەك هەر مافی پەنابەریان بداتێ تەنانەت خەستەخانەو قوتابخانە بۆ مندالەکانیشان بکاتەوە ، هەربۆیە ڕاستیەکەی بەداخەوە دەبێ بلێین کە من هیچ دلخۆشیەکم نیە بەوەی کە لەم دۆخەدا کەسی پەنابەرانی عیراقی شانسیکی وایان بۆ بەهرمەندبوون لە مافی پەنابەری هەبێ.

پ/ پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی کوردستانی تاچەند دەتوانێ، حزبەکەتان لەو تەنگەژەو پەراوێزە جەماوەریە رزگاربکاتو بتان کاتە حزبێکی جەماوەری؟

ڕێبوار عارف : ئەم پرسیارەی ئیوە حەقیقەتیکی تیدایە کە باقوانجی پیکهینانی حزبە لەکوردستانز حەقیقەت ئەوەیە کە دوو کۆمەلگای جیاواز لە عیراقدا هەیە، بەشیکی کوردستانە ئەوی دیکەی ناوەراستو باشوی عیراقە. روهینان بۆ حزبی ئیمە لە ناوەراستو باشور تا رادیەك بەرچاوو دیارە... لەوی ئەم جۆرە لەموشکلەیەمان نیە کە لەکوردستان هەمانە، هەلبەتە روبەروی جۆریکی دیکەین لە موشکلات. بەلام دیسان پەراوزبوونی حزب لە کوردستان، هەرچەند بەو ئاستەش نیە کە ئیوە باسی دەکەن پەیوەندی بەسیاسەتو کاری ئیمەوەنیە،

ئەوەندەی کە پەیوەندی بەسەرکوتەوە هەیە خۆتان ئاگاداری 7/14م2000 هەن کە بەزەبری چەك بارەگاو رادیۆی ئیمە لە سلیمانی هەلگنران.. نەك لە بەرئەوەی پەراویزبووین بەلکو بەپیچەوانەوە چونکە زەخت لەسەر یەکیتی نیشتمانی تا ڕادیەکی زۆر فراوان و هەمەلایەنە بوو بەتاییەت لە پەوەند بەجیابونەوەی کوردستان و دانانی یاسا مەدەنیەکانەوە لە یاسای کاروە بگرە تاکو یاسای یەکسانیژن و پیاو تا پاراستنی مافەکانی مندالان و.... بەبڕوای من پیکهینانی حزب لە بناغەوە لەوە سەرچاوە دەگریت کە کۆمەلگای کوردستان جیاوازە، هەروەك چۆن پیویستە بەهۆی تقسیماتیکی قەومیوبەهۆی بونی سنووروەوە ئەحزابی جیاواز دروست بکریت بۆ هەر ولاتیك لەئیستادا. بەهەمان شێوە پێویستە بۆ کوردستان حزبیك هەبێت کەبگونجێت لەگەلّ هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی خۆیدا من پێموایە پێکیهنانی حزب لەکوردستان تاڕادیەکی زۆر سیاسەت وئامانجەکانی ئێمە وەك هێزێکی کۆمۆنیستی دەباتە نیو جەماوەرەوە دەتوانێت ناڕەزایەتی جەماوەری رابەری و هیدایەت بکات.

پ/ ئایا ئەم حزبەش خاوەنی هەمان تەسەورات و ستراتیژی پێشوو نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی باشوردا؟

ڕێبوار عارف: تا ئەو شوینەی کە بەرنامەو ئامانج وستراتیجی حزب دەگەڕێتەوە بەگشتی ئێمە خاوەن هەمان بەرنامەو ستراتیژیەتین ،بەلام بەدلنیای سوود لە ئەزموونی پانزە سال خەباتی سیاسی وشێوازی کارکردن وتەبلیخات و.. وەردەگرین ئیمەخاوەنی ئەزمونیکی فراوانین لە کاری جەماوەری و ریکخستنی حزبی و شیوەکاری حزبی. لەم ڕوانگەوە هەرچیەك پێویست بێت بۆ ئەوەی حزب تەکانێکی جدی بدات ڕوبەپێش. لەبەرچاوی دەکرین و دەیبەینە پێشەوە. هەروەك تا ئیستا لە زۆر موناسەبدا ئەمکارەمان ئەنجامداوە بەشێوەیەکی ئاشکار نوکی ڕەخنەی خۆمان گرتوە لە هەر کاریك یان سیاسەتێك کە ناڕۆشن بووە یان هەلە...ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ مامەلەکردن لەگەل دەسەلاتی سیاسی ئێمە حزبی خۆمان ڕادەگەیەنین و بەشیوەیەکی ئصلولی داوی ئیجازەی خۆمان دەکەین وەك هەر حزبێکی دیکە کە تازی پێك دێت... خۆشتان دەزان مامەڵە لەگەل دسەلاتدا یەك تەرەفە نیە بەلکو دوو تەرەفەیە.. کێشەی ئێمە لەگەل دەسەلات لەدەورانی پێشوو ئێستادا شتێك نەبوە لەسەر ئەوەی ئێمە "بودجەی زیاترمان دەوێت" وەکو ئەحزابەکانی دیکە بەڵکو کیشە بووە لەسەر خواستەکانی خەڵك... ڕۆشنە ئیمە پەلاماری کەسمان نەداوە وەنایدەین ڕۆشنە زۆر توند دژ بە تیرۆرو تیرۆریزم بوین و هەینن وە دەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت کە دیسان زۆر توند لەپێناو خواستەکانی خەلکدا خەبات دەکەین و لەگەڵیان دەبین. کیشە ئەوەیە کە دەسەلات پشتگیری لەسیاسەت ونەهجی ئەو لایەنانە دەکات کە هەرڕۆژە فتوایەك دەردەکەن و هەر ڕۆژە شمشیر لەبەرامبەر بە ئازادی بیروڕادەربریندا دەردەکێشن، ئەوان کەڕێگە دەدەن کەمزگەوتەکان بکرینە بنکەی بارهینانی ئیرهاب وتووندتیژی فتوادانی نووسەران وئەدیبان وهونەرمەندان وئازادیخوازان. بۆیە جیگەی خۆیەتی کە ڕۆژنامەکەتان هەمان پرسیار ئاراستەی رابەرانی و سەرکردایەتی پارتی ویەکیەتی بکات و بلین کە لەپال ئەو هەموو ادعاو هاتووهاوارە بۆ دیموکرسی بوونی ئەم دەستەلاتە ئایا ریگە دەدەن کە حزبیکی سیاسی بە شارستانیانەترین شێوە هەڵسوڕانی سیاسی خۆی لە کوردستاندا دریژە پێبدات ؟

پ/ تۆ وەك هەڵەبجەییەك و کەسێك کە بەعس بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر تۆدا سەپاندبوو.. تاچەند رات وایە کە رەمزە گەورەکەی کیمیاباران (عەلی کیمیایی) لەهەڵەبجە لە سێدارە بدرێت؟

ریبوار عارف: بەبروای من ئامانجی لەسیدارەدانی علی کیمیایی لە هەلەبجە لەهەرشێتك زیاتر مزایدەیەکی سیاسیەو یا لەباشترین حالەتدا سەرگەرمی کردنی زیندوەکانی خەلکی هەلەبجەیە بۆ لەبیربردنەوە چاوپۆشی کردن لەماف و داخوازیەکانی خۆیان، لەئاوەدانکردنەوەی کەلاوەکانی شارو لەبیربردنەوەی قەربووکردنەوەی زەروزیانەکانی خەلکی ئەم شارەیە..... جیاواز لەمە پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی سزای لەسیدارەدان وتاکەی خەلکی ئەم ولاتە دەبێت گوێ بیستی سزای لەسسیدارەدان بێت ؟ بەبڕوای من لەسیدارەدانی علی کیمیاییەکان تەنیا بۆ چاوترساندن و هیمادانە بە ئایندەو بە نەیارانی سیاسی ئەم حکومەت و دەسەلاتە . من سەرباری ئەوەی کە وەك خۆتان ووتان بەعس و سەدام حسین خۆی ئیمزای لەسیدارەدانی منی داوە بەلام بەهیچ جۆریك لەگەل لەسیدارەدانی علی کیمیایی وسەدام وسەرانی بەعسدا نیم. لە سیدارەدان کوشتنیکی یاسایی وعەمدیە کە بەدریژای تەمەنی دەسەلاتداران بە مەبەستی کیشکردنی پەتی سەرکوت و استبدات دریژە بەتەمەنی دراوە. بەدلنیای دەبێت دادگایی و سزادان بە فەرزبگیریت، بەلام بەئەندازەی ئەوەی کەقسە لەسەر دادگای کردنی تاکەکان و

سەرانی بەعس بیت قسەکە لەسەر دادگایی کردنی ناسیونالیزمی بەعسە وەك بزوتنەوەیەکی قەومی کە پیویستە دەست بۆ ریشەکیشکردنی ببریت رەخنەو سزای توندی ئاراستە بکرێتەی ئەو سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە بکرێ کە خەلکی کوردستان بە ئاستانەی

پاکتاوکردن گەیاندو گەورەترین جینۆسایتی لەناوچەکەو جیهاندا ئەنجامدا . پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بەراستی اعدام و اعدامکردنی علی کیمیاییەکان ڕێگەچارەی واقعی و پڕبەپیستی تاوانەکانیانە یان بۆ داپۆشین وسەرنانەوەی تاوانەکانیان وکارنامەوسیاسەت وداب ونەریت و سوونەتەکانی بەعسە ؟. بیهێنەوە یادی خۆتان کاتێك کە عودەی و قوسەی کوڕی سەدام حسین لە عەملیاتیکی چەند دەقیقەیدا کوژران، پاش چەند ڕۆژێك ئیتر فایلی قەبەو ئەستووری ئەم دوو تاوابارە گەورەیە بە فەرامۆشی سپێراو ئێستەشی لەگەلدا بێ تەنیا ووشەیەك لە پەیوەند دەریایەك لەلیستی تاوانەکانی ئەو دوو تاوابارە نەدرکینراو ئەوانیش سەدان نهێنی وتاوانیان لەگەل خۆیان بردە ژێرگلەوە بەچەند فیشەکێك لەهەرجۆرە لێپرسینەوەیەك بەخشران.

پ/ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کۆنگرەی ئازادی عێراق(سەنا) بەردەوام بەرنامەکانی بە عەرەبیو فارسی ئینگلیزییە، بۆچی پەخشی کوردی تێدانییە؟

ریبوار عارف: کەنالی سەنا پرۆژەیەکی گرنگی کۆنگرەی ئازادی عیراقە بەحوکمی ئەوەی کە مەیدانی هەلسوڕانی زیاتر لەجنوب وناوەراستی عیراقە دیارە بە زمانی عەرەبی بەرنامەی دەبێ هەروەها بە زمانی ئینگلیزیش بەرنامەی هەیە چونکە هێزێکی فراوان لە ئاستی دنیا لەپشتی ئەم ریکخراوەوەیە، سەنا تەنیا کەناڵێکە بۆ ئەو هێزە ئینسان دۆستەو پاڵپشتە کە وێنەیەکی واقعی لە بارودۆخی سیاسی عیراق بەدەستەوە بدات. کەدیارە جیاواز لەمەش سەنا کاتی دیاری کراوی هەیە هەرحزب ولایەن و ڕێکخراوێك دەتوانێ سهمیەی هەبێ وکاتی لیبکرێ کەلەمبارەشەوە هەرئێستە پرۆژەیەك لەدەستوور کاردایە بۆ ئەوەی بەزمانی کوردیش بەرنامەی هەبێ . بەلام بەرنامەی زمانی فارسی ئەوە کەناڵی حزبی حیکمەتیستەو هیچ پەیوەندیەکی نیە بە سەناوە .

پ/ تۆوەك کەسێکی کۆمۆنیستو پەیڕەوی ئەفکارەکانی(منصورحکمت)، ڕات چییە بەرامبەر بەو ڕەخنانەی کەلەو ڕێبەرەتان لە لایەن رۆشنبیرانەوە دەگیرێت، بەتایبەتی شاعیرەکان، بەوەی کە منصورحیکمت رەخنەی لە (ئەحەمدی شاملۆ)گرتووە چونکە دژی گەمارۆری ئابووریو حیجابی ئیسلامی شیعری نەنووسیوە، تۆیەك کە ئەزموونێکی دووردرێژی هونەریت هەبووە، لەسەر ئەم رایە دەڵێی چی؟



ڕێبوار عارف : وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو دیوی جیاوازی هەیە ناکرێت لیك هەلکێشرێن. بۆیە تا ئەو شوێنەی بە ڕەخنەگرتنی سیاسی نەك جوین وتەشیر بە مەنسوری حکەمەت دەگەڕێتەوە ئاسایترین وسەرەتایترین مافی هەرکەسێك وهەر لایەنێکە. بەلام بەداخەوە لەڕاستیدا ئێمە لەکوردستان ڕووبەڕووی کەمترین ڕێژەی ڕەخنەگرتن دەبینەوە بە تایبەت لەلایەن ئەدیب وشاعیرانەوە لەسەر ئەو باسەی کە ئاماژەتان پێکرد. من زۆر خۆشحال دەبووم کە دوونموونەی ئەو ڕەخنانە تان بخسایەتە ڕوو بۆ ئەوەی کۆنکرێت هەلۆیستێکمان لەبارەیانەوە بگرتایە بەلام بەداخەوە نیە بە تایبەت لەبارەی بۆچوونی منسوری حکمەت لەسەر شاملۆ.

جیاواز لەمە سەدان نووسەرو شاعیرو ئەدیب لەدنیا ڕەخنەیان لە بۆشکین وگۆرگی و هەمنگوای وبرێخت و ستانسلافسکی گرتووە، سەدان نووسەر ڕەخنەیان لە شیرازی ومەولەوی و گوران وشیخ ڕەزاو کێو کێ گرتووە تازە لە ئیرانیشدا کەم نین کەسانێك کە ڕەخنەیان لە شاکارەکانی شاملۆگرتبێت. ئەی بۆ ناکرێ منسوری حکمەت ڕەخنە لە شاملۆ بگرێت. ئەو تایبەتمەندیە چیە کە شاملۆ دەخانەتە خانەی مقدەس و دەست لێ نەدارو قەسەلەسەر نەکراو ؟. دیوێکی تری پرسیارەکە یان لە ڕاستیدا ئەوەی کەناوی دەنرێت ڕەخنەی منسوری حکمەت لە شاملۆ باسەکە لە هەلسەنگاندن ولێکدانەوەی شعرو شاکارەکانی ئەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە . بەلکو ئەسلی مەسەلەکە بەوشێوە بوو لە کاتی مەرگی شاملۆدا هاورێ یەکی حزبی پرسیاری لەمنسوری حکمەت کرد سەبارەت بەوەی کە ئایا بۆچی حزب لەبارەی مەرگی شاملۆوە ڕاگەیاندنی نەبووە ؟ منسوری حکمەتیش بەنامەیەك وەلام بەو پرسیارە دەداتەوە بەناونشانی ( سەبارەت بە ڕەئی دەرنەبڕینی حزب لەپەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملۆ). کە دەلێ:( بەبڕوای من حزب نەدەبوو لەپەیوەست بەمەرگی شاملۆوە نووسینێکی ئامادە بکردایە کە بەودا هەلبدات یاخود ڕەخنەی لێ بگرێت. دروستیش کە ئەو کارەی نەکرد ) وەهاوکات دەلێ( بەبڕوای من دەبوایە لەپاش مەرگی شاملۆ نوسین ولێکولینەوە هەبوایە بەلام ئەوە ئەرکی حزبی سیاسی نیە، ئەرکی هونەردوستان و ئەدیب دۆستانە )... جیاواز لەمەش ئەو باسی ئەوە دەکات دەلێ ئەحمەدی شاملۆ شاعیرو ئەدیبی بزوتنەوەکەی ئیمە نەبوو شاعیری بزوتنەوەکانی تر وە دەلێ ( شاملۆ ئەدیبێکی باش و داهێنەری بزوتنەوەی میللی و میللەتپەرستی ئیرانی بوو. هەمان

بزوتنەوە بۆی هەیە بە ئازیزی خۆی بزانێ . ئەو دەڵێ شاملۆ کەسێکی خۆشناوو بەریزو ئینسانی بوو. کاری پرۆفیشیونالانەی خۆی باش دەزانی. ئەم جۆرە ئینسانانە ،دەولەمەندی بە کۆمەلگا دەبەخشن. لە دنیای ئێمەدا ، داهێنانی ئەم جۆرە کەسانە، سەد بەرابەر زیاتر بەرجەستە دەبیتەوە، بەلام شاملۆ ئەلگوو سیمبول و چرای سەر ریی بزوتنەوەی ئیمە نەبوو.) ئەمەیە قسەو بۆچوونی منسوری حیکمەت لەسەر شاملۆو هەر لیرەشدا کە لە پەراویزی ئەم پرسیارە دەڵێ ( شاملۆ ئەندامی هیچ بزوتنەوەو رێکخراوێکی رادیکال وئینسان دۆست نەبوو. لەبەرهەمەکانیدا سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی، مافی مندالان، بیمەی بیکاری، قەدەغەکردنی ئیعدام، لەناوبردنی کاری کریگرتە، سیستەمی نویی جیهان، گەماوری ئابوری لەسەر عیراق،... قسەی نابیستریّ. بۆیە بەبڕوای من قسەکە لەسەر رەخنەگرتنی منسوری حیکمەت نیە لەشاملۆ بەئەندازەی ئەوەی کەکەسانیك ئەوجۆرە ڕەخنەیان لەحیکمەت هەیە یالەڕوانگەی ناسیونالیستێکەوە دژ بە بۆچوونەکەی منسور حیکمەت قسەهەلدەدەن یا لە گۆشە نیگایەکی دواکەوتووانەوە کە پێیوایە؛کفرت؛ کردوە ئەگەر قسە لەسەر شیرازی، خەیام و مەولەوی و شاملۆ بکەیت رەخنە لەو ؛ زات و حەزرەتانە؛ بە سنوور بەزاندن لەقەلەم دەدەن .

**ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت چاوپیکەتنیکی لەگەل ئێمەدا ئەنجامدا کە لەژمارە 254 بەرواری 2007/7/23 بلاوکرایەوە. بەلام بەداخەوە سەرباری ئەوەی کەدوو پرسیاریان پەراندووە، هەروەها هەندێك لەپرسیارەکانی تریشیان وەك خۆی بلاونەکردوەتەوە. بۆیە بە پیویستمان زانی کە دەقی چاوپیکەتنەکە جاریکی تر بخەینە بەردەست خۆینەرانەوە.**

## ڕێبوار عارف

کوردستان راپۆرت : بەهادین وەستا بکری دارتاش ناسراو بە ( ڕێبوار عارف ) لەدایك بووی سالی 1962 تا پۆلی پینجەمی ئەدەی خوێندوەو لە سالی 1978 دەستیداوەتە کاری سیاسی و سالێك دواتر بوو بە ئەندامی کومەلەی مارکسی لینینی کە دواتر بە کۆمەلەی ڕنجدەران ناسرا. بەهادین بەهۆی هەلسوڕانی سیاسیەوە ناچار لە کۆتای سالی 1981 بەبڕیاری کۆمەلەی رەنجدەران جووتە دەرەوە بۆ نیو هیزی پێشمەرگە. تاسالی 1985 لە ڕیزەکانی یەکیەتی نیشتمانیدا دەمینیتەوەو پاشان دەبیتە پیشمەرگەی کۆمەڵەی ئیران و تاسالی 1989 لە نیو کۆمەلەدا درێژە بەکاری سیاسی خۆی دەدات وپاشان دەچیتە هەندەران و لەسالی 1990 لە فنلاندا ژیان بەسەردەبات ولەسەرەتای دروست بوونی حزبی کومۆنیستی کریکاری عیراقەوە لەم حزبەوە ئەندام بووە ئێستە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی ناوبراوە. جگە لەکاری سیاسی ( ڕێبوار عارف) لەسالی 1976 ڕووی لەکاری هونەری شانۆ کردو وەك ئەکتەرێکی دەرکەوتوو لەشاری هەلەبجەی شەهید بۆ ماوەی چەندین سال دریژەی بەکارداو پاشان دواتر لە یەکەمین فیستفالی شانۆی لاوان لە ساڵی 1980 لە شاری ئامیدی خەلاتی باشترین ئەکتەرو باشترین دیکوریستی وەرگرت.

پ/ جاران تۆ بەردەوام خەریکی کارکردن بۆ پەنابەرانوکێشەکانیان بووی، بەلاّم وا سالێك زیاترە، لەمەیدانە نابیدرێیو هیچ فەعالیەتێکت نەماوە، ئەمە هۆی چییە؟

ڕێبوار عارف: ڕێگەبدەن اسلاحێك لەپرسیارەکەتاندا بکەین، من دوابەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس هەلسوڕانی خۆم لەبواری کاری پەنابەیدا ڕاگرت. نەك لەبەرئەوەی کەچیدی نەمەویّ لەم بوارەدا کاربکەم بەلکو بەکردەوە کێشەی ئاوارەبوونی خەلك بەڕادەیەکی یەکجار زۆر ڕوو لەکەم بوونەوەبوو. نەك هەر ئەمە بەلکو گەرانەوەی پەنابەران بۆ دەورەیەك بووە جێگەی پرسیارو زۆرێك لەهەندەرانەوە چاویان بڕیبووە ئەو دۆخە تا لەکاتێکی گونجاودا بگەڕێنەوە. ڕۆشنە کەهەر ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر هەلسوڕانی ئێمەش هەبووەو ئەگەر بۆ مقتەعێکیش بووە کاری خۆمان لەم بوارەدا ڕاگرین. ئەوەی کەسەرئەنجام دۆخەکە بەبارێکی تردا گوڕاو دیسانەوە مەسەلەی شەپۆلی ئاوارەبوون بەهۆی بەردەوام بوونی سیناریوی ڕەشی داگیرکاری عیراق وکوشتارو تیرۆری هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی ولەخوێن هەلکێشانی شەقام وکۆچەوکۆلانەکان سەرپەنایەکی بۆ ئەمنیەت و ئاسایشی خەلك نەهێشتەوەو تەنانەت تا ئەوشوێنەی کە بەکوردستانیش دەگەڕێتەوە بەهەمان شێوە بەهۆی نەبوونی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکان و هەروەها نەبوونی پێداویستیە سەرەتایەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەچەشنی ئاو کارەباو سووتەمەنی و بەردەوام بوونی سەرکوتی سیاسی وگرتن، کوشتن، زیندانی کردن، نائەمنی، گرانی وکیشەی ئابوری، فراوان بوونەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی کێشەکانی گەنجان وکوشتاری ژنان وکچان وگەلێك کێشەی تری

سیاسی کۆمەلایەتیەوە دیسان ئاوارەبوون وکۆچی بەکۆمەل لەئاستێکی زۆرفراواندا بەرۆکی بەخەڵکی ئەم ناوچەیە گرتووە، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە کەئێمە ماوەیەکە دیسان وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی نەخشەمان هەیەو بۆی دەستبەکاربووین. جیاواز لە هەموو ئەمانە بۆ هەلسوڕاوێکی سیاسی مەرج نیە کەتەنیا دەق بگرێ بەمەیدانێکەوە توانایەکانی خۆی لەمەیدانێکدا حەسربکات. بەتایبەت ئەمە بۆ ئێمە کە ڕابردویەکی سیاسیمان لە کوردستاندا هەبوو فرسەتێکی گونجاوبووە کە لەسایەی ئەو دۆخەدا جاریکی تر راستەخۆ کۆمەلگای کوردستان بکەینە مەشغەڵەی سەرەکی ژیانی سیاسیمان، کەبەکردەوە ئەم سالانەی دوای ئێمە لەم مەیدانەدا جارێکی تر دەرکەوتینەوە.

پ/ گەلێك لە نزیکەکانت باسی ئەوە دەکەن کە کەمپینەکانی تۆ هیچیان تاسەر نین... ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

ریبوار عارف: ئەم بۆچوونە حوکمیکی قورسەو دیقەتی پێویستە. بەرلەهەرشتیك ئەو بڵێم کە بۆ کەسێکی سیاسی مەرج نیە کە هەموو ژیانی خۆی بۆ کەمپەین وکەمپەینکاری تەرخان بکات. ئەمە جگە لەوەی کە هەر کەمپەینێك بۆخۆی ئامانج وسەقفێکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە وانیە کە لەگەڵ ژیانتا درێژە بکێشێ. تا ئەو جێگەی کە بەکەمپەینەکانی منیش دەگەڕێتەوە لە دوو قوناغدا خۆیان دەبینەوە کەدەورانی بەر لەڕووخانی بەعس و دەورانی دواترە. کە ئەرشیفێکی گەورەو سەدان وهەزاران پەنابەر شاهیدی ئەو ڕاستیەن کە ئێمە وەك فیدراسیون لە سالانی ڕابردودا دەیان کەمپەینی سەرکەوتوومان هەبوو لە ولاتانی یونان، بەریتانیا، سوید ، فنلاند، ئەلمان، سویسرا، هولندە، تورکیا... کە لەسایەیاندا گیان وژیان وماف سەدان وهەزاران پەنابەر پارێزراوە. تائەوجێگەی کەقسە لەسەر کەمپەینەکانی ئەم چەند سالەی دوای بێت ئێمە چەند کەمپەینێکی دیاری کراوبوومان هەبووە لە چەشنی کەمپەینی دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس، کەمپەینی داکۆکی کردن لە ئازادی دکتۆر کەمال، کەمپیەنی داکۆکی کردن لە مەریوان هەلەبجەی... کە تا ئەوەی بە جێگەو ڕێگەی ئێمە دەگەڕێتەوە لە دوو کەمپەینەی دوایدا ڕەنگە هەموو ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ئەو دوو کەمپەینەن ئاگاداری ئاستی کەم وێنەی سەرکەوتنەکانی ئەو دوو کەمپەینەش بووبن. بەلام تا بەکەمپەینی دادگای کردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس، دەگەڕێتەوە ئەمەیان جێگەی باسەو تیارامانە. کە بەبڕوای من ئەگەر ئەو کەمپەینە بەردەوام بووایە دڵنیام کە کاریگەریەکی دیاریکرداوی دەبوو لە پرۆسەی دادگای کردنی سەرانی بەعس. بەلام ڕێگە بدەن با ئەوەش بلین کە لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری کێشەکانی ئێمە لەم بوارەشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگری و بایکۆتەی کەحکومەتی هەرێم و پارتی و یەکیەتی لەسەر ئێمەیان دانا. ئەوان جیاواز لەوەی کە ئامادە نەبوون هیچ جۆرە هاوکاریەکی مادی و مەعنەوی ئەم کەمپەینە بکەن هەروەها لە ڕووی اعلامی و عەمەلیشەوە ئەم کەمپەینەیان باکۆتکرد. هەموو ئەمانە لەکاتێکدا بوون کە ئێمە ڕەچاوی هەموو ڕێو ڕەوشتێکی یاسایمانکردبوو...بەلام پێدەچێ ئەوان نیگەرانی ئامانجەکانی ئەم کەمپەینە بووبن کەگسکدان ودادگای کردنی بەعسیزم و ناسیونالیزمی عەرەب وهەموو ئەو فایلدارانەبوو کەهاوکارەکانی بەعس بوون. بۆیە هەموو دەروازەیەکیان بەڕووی ئێمەدا داخست. بەلام سەرباری هەموو ئەمانەش ئەگەر کەسێك پێمان بڵێ ئایا ئێوە نەتان دەتوانی جیاواز لەوکاروکەنالانە بەشێوەو ڕەوشتیکە لەسەر ئەم کەمپەینە بەردەوامبن؟ لێرەدا سەرباری هەموو ڕێگریەکانی دەسەلات پەی ئیشکالێکی کاری خۆشمان دەبەین ولەوەلامدا دەڵێم بەڵی بەتایبەت لەهەندەران ئێمە لە جێگەو ڕێگەیەکی زۆرباشتر بەهرەمەندین، دەکرا سەرباری ئەو ڕێگریان ئێمە بە شێوەیەکی ترو لە ڕێگەیەکی ترەوە لەسەرکارەکانی خۆمان بەردەوام بووینایە.

پ/ سەبارەت بەمەسەلەی کێشەی ژنانو دەستدرێژی بۆسەریان لەناو کوردانی دانیشتووی ولاّتانی ئەوروپا رۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات، ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی بێ ماف ژنان گیری نەخواردووە، بەلکو تەجوازی کوشتنیشی کردووەو ئاستێکی مەترسیداری وەرگرتووە، بە شێوەیەك کەباسی دەکەن لەولاّتێکی وەکو نەرویج ماوەی دووساڵە کورد لەریزی پێشەوەی پێشێلکەرانی ماف ژنان دێت...تۆ هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

ڕێبوار عارف: سەرەتا ئەوە بلێم کە ئەوە نە تەنیا نەرویجە لە ماوەی دوو سالی ڕابردودا کورد لەڕیزی پێشەوەی ژن کوژی ونامۆسپەرستدا دەدەنین و نەتەنیا خەڵکی کورد زمانیشە کە میدالی نامۆسپەرستی و ژن کوژی لە بەرۆك دەدرێ. بەڵکو ئەوەی کە ئەم حالّەتە بەرجەستە دەکاتەوەو بەشێك لە خەلکی کودزمان دەخاتە ڕێزی پێشەوە بەبڕوای من دوو فاکتەرە. یەکەم بێ دەربەستی ودەسەلات لەکوردستان.... دووەم بوونی بەرەیەکی فراوان لە ئازادیخوازان لەهەندەران. ڕێگەم پێ بدەن بۆ ڕوونکردنەوەی هەردوودیوی ئەم مەسەلەیە قەدەریك زیاتر بدوێن. 16 ساڵە کوردستان بووتە قەسابخانەو مەڵبەندی لەگوڕ نانی ژنان وکچان ودەیان هەزار ژن و کچ تیرۆرکران. بێ

سەروشوینکران، سوتێنران، سەربڕان، بەردەبارانکران کەچی تازە بە تازە باس لە سولحی عەشائیری دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. تازە ڕێکخراوەکانی ژانی سەر بە پارتی ویەکیەتی داوا لەحزبەکانیان دەکەن کە دالدەی تاوانبارانی ژن کوژ نەدەن لەلای خۆیان. تازە داوا لەپەرلەمانتاریستەکان دەکرێ کە دالدەی ژن کوژان نەدەن لەلای خۆیان. تازە پەرلەمان بیر لەدەرکردنی یاسایەك دەکات بۆ ڕێگرتن لە دیاریدەی ژن کوشتن. کەدیارە هەموو ئەم دەست ئاولاکردن وشانخالی کردنەوەیەی دەسەلات دەرفەتێکی فراوانی بۆ نامۆسپەرستان وپاراستنی هەموو داب ونەریتەکانیا دەخولقێنێ بەشێوەیەك کەهەلگرانی ئەم پەیامە دەماری غیرەتی ناموسپەرستیان لەهەندەران زیاتر دەچولێ وپەیگیرتردەبن بۆ پاراستن وپەرەپێدانی هەمان داب ونەریتی کونەپەستانە. ئێوە تەسەوربکەن کاتێك کە هانا بەپلانی باوکی چەند سالێك لەمەوبەر تیرۆر دەکرێ دەسەلات تەنیا یەك سال سزای باوکی دەدات لەکاتێکدا کە خزمێکی بەشداری پاش گەڕانەوەی بۆ سوید دە سالْ سزای بەسەردادەرێ بە تاوانی بەشداری کردن لە پرۆسەی کوشتنی هانادا کە پەنابەربوو لە سوید. بەهەمان شێوە کاتێك کە بەناز بەوشێوە دەکوژرێ کەسانێك کە بەشداربوون لە پرۆسەی کوشتن و لەناوبردنی بەنازدا دێنەوە کوردستان ئێرە بە ناوچەیەکی ئایش بۆ خۆیان دادەنین وبەپانی وفراوانی ئەم شەقامانە دەگرێن بەبێ ئەوەی کە کەسێك بلێ بەری چاوتان کلی پیوەیە. ئیترچۆن ناوی کورد ناچێتە لیستی سەرەوەی فایلی تاوانباران و پێشلکارانی مافی ژنان. لەکاتێکدا کە ئەم هەموو تاوانە لە ژێرسایەی قەلەمڕەوی دەسەلاتی ئەم ناوچەیەدا بێ هیچ لێپرسینەوەیەك درێژە بە تەمەنی خۆی بدات. لایەنێکی تری ئەم باسە دەورو جێگەو ڕێگەی بزوتنەوەیەکی بەرابەرخوازو ئازادیخوازە لە هەندەران. ئەم بزوتنەوەیە هیچ پاکانەکردنێك بۆ کوشتنی ژنان دیاریدەی ناموسپەرستی لە ژێرناوی پاراستنی هیچ ئاین قەوم و قەبیلەیەکدا قبول ناکات وبەدەنگی بەرز نارەزیەتی خۆی دەربڕێت ئاکیسۆن دەکات کۆڕ دەگرێ، دەنووسێ، نیهادە نیونەتەوەیەکان ئاگاداردەکاتەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم ولاتانە ڕادەچلەکێنی، نارەزایەتی دژ بە دەسەلات بەڕێ دەکات بە کورتی هەر ڕێگەیەك دەگریتەبەر کە وێنەیەکی تر لە خەلکی پیشکەوتووخوازوسکۆلاری کوردستان بدات بەدەستەوەو ئەو دەرك وتێگەشتنە بەدرۆبخاتەوە کەکوردستان تەنیا کۆرەپانی خۆ نیمایشکردنی نامۆسپەرستان و کۆنەپەرستانە، یا ئەوەی کە خەلکی کوردستان ملیان داوە بەیاساو ڕیسایەك کە شەرعیەت بە قەسابی کردنی ژنان دەدات لەژێرناوی پاراستنی هەرجۆرە داب ونەریت ویاساو ڕیسایەکدا. بەبڕوای من ئەم دوو فاکتەرە پێچەوانەیە بوونەتە هۆی ئەوەی کەناوی ئەوبەشە لە خەلکی کوردزمان دەخاتە ڕیزی پێشەوەی پێشلکاریەکان ئەگینا خۆ زۆرجار دەبینین و یاگوێ بیستی ئەوە دەبین کە بەهەمان شێوە کچێك یا ژنێکی فلانە ولات بەتاوانی ناموسپەرستی کورژراوە، بەلام زیاتر وەك هەوالێکی ساردی ڕۆژنامەکان خۆی نیشان دەدات نەك هیچ شتێکی تر. کە دیارە سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی ئەم ولاتانەش بۆ خۆی لایەنێکی تری باسەکەیە کە ڕەنگە لێرەدا زۆرجێگەی ئاوڕلێدانەوە لە تەوەرێکی ئاوا ئالۆزو فراوان نەبێ. بەلام لە یەك ڕستەدا ئەم سیاسەتە بەهۆی بەڕەسمیەت ناسینی مافی پاراستنی فەرهەنگ وداب و نەریتی ئەقلەیەت وئاینەکانەوە هێندەی تر دەستی کۆنەپەرستی ونامۆس پەرستی بۆ پەرپیدان بەم کوشتارو سەرکوتەی ژنان و مندالان ئاوەلادەکات.

پ / سالی پار لە ئامارێکدا کە لەسەر تۆڕی ئینتەر نێتو زووری پالتاك مەسەلەیك ببوە جێگەی گفتوگۆ ئەوەبوو، لەولاتی سوید نزیکەی 5000 ژنی کورد، لەماوەی شەش مانگدا لە هاوسەرەکانیان جیاببوونەوە، هاوکات تەمەنی زەواجی زۆربەیان سالێك یان دووسالْ یان شەش مانگ بوو، ئایا ئەم ڕێژە زۆرەی جیابوونەوەی ژنی کورد لە ولاتی ئەسکەندەنافیا لە هاوسەرەکانیان تۆ هۆکارەکەی چییە؟

ڕێبوار عارف: بەبڕوای من مەسەلەکە تەنیا سوید ولاتانی ئەسکەندەناڤیا نیە، ئەمرۆ مەسەلەی جیابوونەوە تەنانەت لەکوردستانیش خۆی لەئاستێکی زۆر فراواندا دەبینێتەوە، کەڕەنگە هەندێك هۆکاری هابەشیان هەبێ. بەلام لەبازنەی پرسیارەکەی بەڕێزتان دەرنەچین وبگەڕینەوە بۆ ئاوڕدانەوە لە هۆکارەکانی ئەم دیاریدەیە لە سوید. ئێوە سەرنج بدەن کەکۆمەلگای کوردستان لەپاش ڕاپەرینی بەهاری 1991 بەچ پرۆسەیەکدا تێپەری، ئاوارەبوون، گەماوری ئابوری، شەروکوشتارو نا ئەمنیەکی بەردەوام ... یەك بەیەکی ئەم دیاریدانە جێگەو ڕێگەی ژنانی بەگشتی لاوازولاوازترکردوەتەوە. لە رۆژگارێکدا کەخەلکی ئەم ولاتە بەدوای کۆکردنەوەی گولە گەنمدابوون بۆ ڕێگرتن لەمەرگی مندالانەکانیان هەر ئەوەکاتە ژنانیش لەهەر سەردەمیکی تر زیاتر وەك کالایەك لەبازاڕدا ساغ دەکرانەوە. دیاریدەیەك کە تاسەرئێسقان نائیسانی وداسەپێنراو بوو بەسەر ژنان وکچانی کوردستانەوە فرۆشتنیان بوو بەپیاوان و کۆڕانی دۆلارلەشان کە لەئەورپاوە دەهاتنەوە کوردستان ولەماوەی چەند ڕۆژو هەفتەیەکدا بەدلی خۆیان لەهەر کولان وبازارو خوێندنگاو شەقامێکدا هەرکیژێکی کە کەمترین تەمەن و زۆرترین سیفەتەکانی جوانی تیدابوایە دەکرایە هاوسەری ئاغای دۆلارلەشان. کەدیارە لەدۆخە نائینسانەیەدا لە دەورانی برسیەتی وبیکاری وهەژارو نائەمنی کوردستاندا چ کچان وچ خیزانەکانیان ئەوەیان بۆ پرسیارنەبوو کەئایا سەرگەرمی پێکهێنانی

چ جۆرە خیزانیكن، گرنگ ئەوەیە سبەینی دەچیتە ئەوروپا. ئەمە وەك هۆكارێكی سەرەكی تەورێكی فرەڕەهندە كەناتوانرێ لەم دەرفەدا بەرتەسكەدا وەك پێویست ئاوڕی لێبدرێتەوە. بەلام با سەیربكەین كاتێك كە كچێك لەو دۆخەداو بەوشیوازە ناچار بەشوكردن دەبێ ئاخۆ چ ئایندەو ژیانێك یا ڕاسترە بلین چ ژانێك چاوەرانی دەكات. ئەورپا كۆمەلگایەكی كراوەو بەرادەیەك ماف و ئازادیەكانی ژنان بەڕەسمیەت ناسراوە .كاتێك كە بەبێ هیچ رابردودیەك و تەنانەت هیچ یەكترناسین و پەیوەندیەكی خۆشەویستی وئینسانی پێدەنیتە ئەم كۆمەلگایەوە بێگومان دەستكەوت وماف وئازادیەكانی ژنانی ئەم كۆمەلگایە زۆربەخێرا پرسیاری بۆ درست دەكات و بیردەورژێنێت بەدوای ماف وئازادیەكانی خۆیدا دەگەرێ. بەتایبەت ئەمە لەكاتیكدایە كەجیابوونەوە لەم كۆمەلگایانەدا هیچ كێشەیەكی ئابوری بۆ ژنان دروست ناكات وئەویش وەك هەر ئینسانێكی تری ئەم كۆمەلگایە بیمەی بیكاری هەیە. لەپال ئەمەشدا دەروازی بازاروكاركردن زۆركراوەیەو بۆیە كاتێك كەژنان هەستیان بە استقراری ئابوری خۆیان كرد ئیتر ناچارنین بەوەی كە هەرجۆرە سوكایەتی وكۆیلایەتیەك قبول بكەن و سەرئەنجام پرۆسەی پیكەوە ژیانی ئەو دوو كەسە زۆركورت ماوە دەبێ و جیابوونەوە ڕوودەدات. ئەمە جیاواز لەوەی كە لەم كۆمەلگایانەدا یاسایەك هەیە پێ دەلین یاسای بەرابەری كەزۆر لایەنی ئابوری وكۆمەلایەتی و فەرهەنگی تیدا لەبەرچاگیراوە كە هەموویان دەوردەگێرن لەفەراهەم كردنی ژیانیكی ئینسانی تربۆ ژنان كە ژنان و كچانی كوردستانیش هەر لەسەرەتای چونە نێو كۆمەلگاوە بەهرەمەندبوون لەو ئیمكاناتە بەمافی ڕەوانی خۆیان دەزانێ بۆیە ئیتر هێواش هێواش قلشتی جیابوونەوە ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێ بەهەمان شێوە ڕۆژبەڕۆژ ئاماری جیابوونەوەكان بەرزتردەبنەوە. دیارە هوكاری تری وەك پیاوسالاری ونامۆسپەرستی ودواكەوتی كە پیاوان دووچاری شوك ونیگەرانی زۆرتردەكات و یئتر دەورانی پێكەوە ژیان لەباردەبات. دواین خالێك كە لەڕیشەوە ئەم جۆرە ئامارانە دێنێتە ژێرپرسیارو مەرج نیە دروست بن ئەوەیە كە زۆرێك لە خێزانی پەنابەران بۆ سوئیسفادەكردنی مادی دەچن بەشێوەیەكی ڕەسمی جیادەبنەوە بەبێ ئەوەی كە لەعالەمی واقدا جیابوونەوە تەنیا بۆ ئەوەی بیمەوخزمەت گوزاریەكی زیاتری ئەو كۆمەلگایانە لوش بدەن، كە ئەمە سیمایەكی لەرادەبەدەر ناشیرین و نالەباری بە تایبەت بەپەنابەران و خارجیان داوە.

پ/ ئیستا كە عێراق بە دۆخی مەترسیداو خوێناویدا تێدەپەڕیت، بەبڕوای تۆ كەیسی پەنابەرانی عێراقی تا چەند مەقبولە لەولأتانی رۆژئاوا، كەدەبینین كۆچێكی زۆر لە ئیستادا لە عێراقدا دەستی پێكردووە؟

ڕێبوار عارف: بەرلەوەی كەباس لەمقبولیەتی كەیسی پەنابەری عیراقی بكەین دەبێ ئاوڕێك لەسیاسەت وئاراستەكانی ولاتانی ڕۆژئاوا بدەینەوە سەبارەت بەدانی مافی پەنابەری. هەقیقەت ئەوەیە كەدەمێك ساڵە ولاتانی ئەورپا بەگشتی دەیانەوێ كۆتای بەمافی پەنابەری وتەنانەت كارپێ نەكردن بە پرۆتۆكۆڵە جیهانەكانی لەچەشنی ڕێكەوتنامەی جنیفی 1951 وساڵ بەسال زیاتر شانی خۆیان لەژێرباری ئەو ڕێكەوتنامانەدا خالی دەكەنەوەو نەك هەر ئەمە بەلكو چەندین پرۆژەو نەخشەیان هەیە بۆ كۆتای هێنان بەدانی مافی پەنابەری لەچەشنی ( كردنەوەی ئۆردوگای پەنابەری لەولاتانێك كە بەهۆی شەڕوكێشەكانی ترەوە ڕووبەڕووی شالاوی ئاوارەبوون دەبنەوە، لەچەشنی كردنەوەی ئوردگای گەورە لەولاتانی بالتیك، كردنەوەی ئۆردگای گەورە لە ولاتانی دراوسی وتەنانەت هەولدا بۆكردنەوەی ئۆردگای گەورە لە ولاتانی ئەوروپا لە دەرەوەی شارو ناوچە ئاپۆرەكاندا. زۆربلیمان نەكردوە ئەگەر بلین لەسەرەتای نەوەدەكانەوە تائیستا دەیان ڕێكەوتنامەی نێوان خۆیان پەسەندكردوە بەمەبەستی كۆتای هێنان بەمافی پەنابەری بۆیە سەرباری شەڕو كوشتارێك كەبەرۆكی بەخەلكی عیراقدا گرتووە ناكرێ مقبولیەتی كەیسی پەنابەری عیراقی بەتەنیا تاوتوێ بكرێ بەلكو هەموو مافی پەنابەری زۆرێك لە پرۆتۆكۆلە جیهانەكان بوونە قوربانی كۆتای هێنان بەشەڕی ساری نێوان ئەو دوو بلۆكە وە لەگەلٚ كۆتای هاتنی شەڕی سارد دەروازەی سنوورەكانیش بە ڕووی پەنابەراندا داخران وئیتر دانی مافی پەنابەری ڕۆلی ئەو كارتە سیاسەیەی نەماوە كە لەسەر دەمی شەڕی ساردا وەك وەسیلەیەك بەكاردەهات و بەپێچەوانەشەوە زیاتر لەدەهەیەكە هەموو غەم ونەخشەی ولاتانی خۆرهەلات لەلای چۆنیەتی كۆتای هێنانە بەدانی مافی پەنابەری. بۆیە تا بەو شوێنەی كە بەعیراقیش دەگەڕێتەوە لایەنێكی تری ئەم مەسەلە ئەوەیە كە ئەو ولاتانە بۆخۆیان بەحوكمی ئەوەی كە چوونەتە پشت سیاسەتەكانی حكومەتی بۆشەوە ئیتر بۆیان گرنگە كە بەهەر نرخێك بێ ڕەسمیەت بدەن بە حكومەتی عیراق وەك ولاتێكی دیموكراسی وئەمن، ئەوەنیە ئێستە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا سەرگەرمی ناردنەوەی پەنابەرانی كوردن بەبەهانەی ئەوەی كە گوایە ناوچەكانی باكوری عیراق ئاسایشە ئەوە نیە كار بە شوێنك گەشتووە كە یوئێن لە كۆی زیاتر لەچوار ملیون پەنابەری عیراقی داوا لەولاتانی ئەوروپا دەكات كە مافی پەنابەری بدەن بە 20 هەزاركەسیان. نەك هەر ئەمە تۆ سەرنجی ژیانی زیاتر لە دوو ملیون پەنابەری عیراقی لە ئەردەن وسوریا بدە كە لەچ كارەساتیكدا ژیان بەسەر دەبەن وچۆن لە سەرەتایترین مافەكانی خۆیان بەبێ

بەشکراون تەنانەت نان وشیری مندالان وخوێندگایان بۆ بووتە گرفتێکی لەڕادەبەدەر گەورە هیچ ولاتێکی غەربیش ئامادە نیە نەك هەر مافی پەنابەریان بداتێ تەنانەت خەستەخانەو قوتابخانە بۆ مندالەکانیشان بکاتەوە ، هەربۆیە ڕاستیەکەی بەداخەوە دەبێ بڵێن کە من هیچ دلخۆشیەکم نیە بەوەی کە لەم دۆخەدا کەسی پەنابەرانی عیراقی شانسیکی وایان بۆ بەهرمەندبوون لە مافی پەنابەری هەبێ.

پ/ پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی کوردستانی تاچەند دەتوانێ، حزبەکەتان لەو تەنگەژەو پەراوێزە جەماوەریە رزگاربکاتو بتان کاتە حزبێکی جەماوەری؟

ڕێبوار عارف : ئەم پرسیارەی ئیوە حەقیقەتیکی تیدایە کە باقوانجی پیکهینانی حزبە لەکوردستانز حەقیقەت ئەوەیە کە دوو کۆمەلگای جیاواز لە عیراقدا هەیە، بەشیکی کوردستانە ئەوی دیکەی ناوەراستو باشوی عیراقە. روهینان بۆ حزبی ئیمە لە ناوەراستو باشور تا رادیەك بەرچاوو دیارە... لەوی ئەم جۆرە لەموشکلەیەمان نیە کە لەکوردستان هەمانە، هەلبەتە روبەروی جۆریکی دیکەین لە موشکلات. بەلام دیسان پەراوزبوونی حزب لە کوردستان، هەرچەند بەو ئاستەش نیە کە ئیوە باسی دەکەن پەیوەندی بەسیاسەتو کاری ئیمەوەنیە، ئەوەندەی کە پەیوەندی بەسەرکوتەوە هەیە خۆتان ئاگاداری 7/14م2000 هەن کە بەزەبری چەك بارەگاو رادیۆی ئیمە لە سلیمانی هەلگنران.. نەك لە بەرئەوەی پەراویزبووین بەڵکو بەپیچەوانەوە چونکە زەخت لەسەر یەکیتی نیشتمانی تا ڕادیەکی زۆر فراوانو هەمەلایەنە بوو بەتایبەت لە پەوەند بەجیابونەوەی کوردستانو دانانی یاسا مەدەنیەکانەوە لە یاسای کاروە بگرە تاکو یاسای یەکسانیژنو پیاو تا پاراستنی مافەکانی مندالانو.... بەبڕوای من پیکهینانی حزب لە بناغەوە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەلگای کوردستان جیاوازە، هەروەك چۆن پیویستە بەهۆی تقسیماتێکی قەومیوبەهۆی بونی سنوورەوە ئەحزابی جیاواز دروست بکرێت بۆ هەر ولاتێك لەئیستادا. بەهەمان شێوە پێویستە بۆ کوردستان حزبیك هەبێت کەبگونجێت لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی خۆیدا من پێموایە پێکیهنانی حزب لەکوردستان تاڕادیەکی زۆر سیاسەت وئامانجەکانی ئێمە وەك هێزێکی کۆمۆنیستی دەباتە نیو جەماوەرەوە دەتوانێت نارەزایەتی جەماوەری رابەریو هیدایەت بکات.

پ/ ئایا ئەم حزبەش خاوەنی هەمان تەسەوراتو ستراتیژی پێشوو نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی باشوردا؟

ڕێبوار عارف: تا ئەو شوینەی کە بەرنامەو ئامانج وستراتیجی حزب دەگەڕێتەوە بەگشتی ئێمە خاوەن هەمان بەرنامەو ستراتیژیەتین ،بەلام بەدلنیای سوود لە ئەزموونی پانزە سال خەباتی سیاسی وشێوازی کارکردن وتەبلیخات و.. وەردەگرین ئیمەخاوەنی ئەزمونیکی فراوانین لە کاری جەماوەریو ریکخستنی حزبیو شیوەکاری حزبی. لەم ڕوانگەوە هەرچیەك پێویست بێت بۆ ئەوەی حزب تەکانێکی جدی بدات ڕوبەپێش. لەبەرچاوی دەکرینو دەیبەینە پێشەوە. هەروەك تا ئیستا لە زۆر موناسەبدا ئەمکارەمان ئەنجامداوە بەشێوەیەکی ئاشکار نوکی ڕەخنەی خۆمان گرتوە لە هەر کاریك یان سیاسەتێك کە نارۆشن بووە یان هەلە...ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ مامەلەکردن لەگەل دەسەلاتی سیاسی ئێمە حزبی خۆمان ڕادەگەیەنینو بەشیوەیەکی ئصلولی داوی ئیجازەی خۆمان دەکەین وەك هەر حزبێکی دیکە کە تازی پێك دێت... خۆشتان دەزان مامەڵە لەگەل دسەلاتدا یەك تەرەفە نیە بەلکو دوو تەرەفەیە.. کێشەی ئێمە لەگەل دەسەلات لەدەورانی پێشوو ئێستادا شتێك نەبوە لەسەر ئەوەی ئێمە "بودجەی زیاترمان دەوێت" وەکو ئەحزابەکانی دیکە بەڵکو کیشە بووە لەسەر خواستەکانی خەڵك... ڕۆشنە ئێمە پەلاماری کەسمان نەداوە وەنایدەنن ڕۆشنە زۆر توند دژ بە تیرۆرو تیرۆریزم بوینو هەینن وە دەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت کە دیسان زۆر توند لەپێناو خواستەکانی خەلکدا خەبات دەکەینو لەگەڵیان دەبین. کیشە ئەوەیە کە دەسەلات پشتگیری لەسیاسەت ونەهجی ئەو لایەنانە دەکات کە هەرڕۆژە فتوایەك دەردەکەن و هەر ڕۆژە شمشیر لەبەرامبەر بە ئازادی بیروڕادەربریندا دەردەکێشن، ئەوان کەڕێگە دەدەن کەمزگەوتەکان بکرینە بنکەی بارهینانی ئیرهاب وتووندتیژی فتوادانی نووسەران وئەدیبان وهونەرمەندان وئازادیخوازان. بۆیە جیگەی خۆیەتی کە رۆژنامەکەتان هەمان پرسیار ئاراستەی رابەرانی و سەرکردایەتی پارتی ویەکیەتی بکات و بلین کە لەپال ئەو هەموو ادعاو هاتووهاوارە بۆ دیموکرسی بوونی ئەم دەستەلاتە ئایا ریگە دەدەن کە حزبیکی سیاسی بە شارستانیانەترین شێوە هەڵسوڕانی سیاسی خۆی لە کوردستاندا دریژە پێبدات ؟

پ/ تۆ وەك هەڵەبجەییەكو کەسێك کە بەعس بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر تۆدا سەپاندبوو.. تاچەند رات وایە کە رەمزە گەورەکەی کیمیاباران (عەلی کیمیایی) لەهەڵەبجە لە سێدارە بدرێت؟

ریبوار عارف: بەبروای من ئامانجی لەسیدارەدانی علی کیمیایی لە هەلەبجە لەهەرشێتك زیاتر مزایدەیەکی سیاسیەو یا لەباشترین حالەتدا سەرگەرمی کردنی زیندوەکانی خەلکی هەلەبجەیە بۆ لەبیربردنەوە چاوپۆشی کردن لەماف و داخوازیەکانی خۆیان، لەئاوەدانکردنەوەی

کەلاوەکانی شارو لەبیربردنەوەی قەربووکردنەوەی زەروزیانەکانی خەلکی ئەم شارەیە..... جیاواز لەمە پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی سزای لەسیدارەدان وتاکەی خەڵکی ئەم ولاتە دەبێت گوێ بیستی سزای لەسسیدارەدان بێت ؟ بەبڕوای من لەسیدارەدانی علی کیمیاییەکان تەنیا بۆ چاوترساندن و هیمادانە بە ئایندەو بە نەیارانی سیاسی ئەم حکومەت و دەسەلاتە . من سەرباری ئەوەی کە وەك خۆتان ووتان بەعس و سەدام حسین خۆی ئیمزای لەسیدارەدانی منی داوە بەلام بەهیچ جۆریك لەگەل لەسیدارەدانی علی کیمیایی وسەدام وسەرانی بەعسدا نیم. لە سیدارەدان کوشتنیکی یاسایی وعەمدیە کە بەدریژای تەمەنی دەسەلاتداران بە مەبەستی کیشکردنی پەتی سەرکوت و استبدات دریژە بەتەمەنی دراوە. بەدلنیای دەبێت دادگایی و سزادان بە فەرزبگیریت، بەلام بەئەندازەی ئەوەی کەقسە لەسەر دادگای کردنی تاکەکان و

سەرانی بەعس بیت قسەکە لەسەر دادگایی کردنی ناسیونالیزمی بەعسە وەك بزوتنەوەیەکی قەومی کە پیویستە دەست بۆ ریشەکیشکردنی ببریت رەخنەو سزای توندی ئاراستە بکرێتەی ئەو سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە بکرێ کە خەلکی کوردستان بە ئاستانەی پاکتاوکردن گەیاندو گەورەترین جینۆسایتی لەناوچەکەو جیهاندا ئەنجامدا . پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بەراستی اعدام و اعدامکردنی علی کیمیاییەکان ڕێگەچارەی واقعی و پڕبەپیستی تاوانەکانیانە یان بۆ داپۆشین وسەرنانەوەی تاوانەکانیان وکارنامەوسیاسەت وداب ونەریت و سوونەتەکانی بەعسە ؟. بیهێنەوە یادی خۆتان کاتێك کە عودەی و قوسەی کوڕی سەدام حسین لە عەملیاتیکی چەند دەقیقەیدا کوژران، پاش چەند ڕۆژێك ئیتر فایلی قەبەو ئەستووری ئەم دوو تاوابارە گەورەیە بە فەرامۆشی سپێراو ئێستەشی لەگەلدا بێ تەنیا ووشەیەك لە پەیوەند دەریایەك لەلیستی تاوانەکانی ئەو دوو تاوابارە نەدرکینراو ئەوانیش سەدان نهێنی وتاوانیان لەگەل خۆیان بردە ژێرگلەوە بەچەند فیشەکێك لەهەرجۆرە لێپرسینەوەیەك بەخشران.

پ/ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کۆنگرەی ئازادی عێراق(سەنا) بەردەوام بەرنامەکانی بە عەرەبیو فارسی ئینگلیزییە، بۆچی پەخشی کوردی تێدانییە؟

ریبوار عارف: کەنالی سەنا پرۆژەیەکی گرنگی کۆنگرەی ئازادی عیراقە بەحوکمی ئەوەی کە مەیدانی هەلسوڕانی زیاتر لەجنوب وناوەراستی عیراقە دیارە بە زمانی عەرەبی بەرنامەی دەبێ هەروەها بە زمانی ئینگلیزیش بەرنامەی هەیە چونکە هێزێکی فراوان لە ئاستی دنیا لەپشتی ئەم ریکخراوەوەیە، سەنا تەنیا کەناڵێکە بۆ ئەو هێزە ئینسان دۆستەو پاڵپشتە کە وێنەیەکی واقعی لە بارودۆخی سیاسی عیراق بەدەستەوە بدات. کەدیارە جیاواز لەمەش سەنا کاتی دیاری کراوی هەیە هەرحزب ولایەن و ڕێکخراوێك دەتوانێ سهمیەی هەبێ وکاتی لیبکرێ کەلەمبارەشەوە هەرئێستە پرۆژەیەك لەدەستوور کاردایە بۆ ئەوەی بەزمانی کوردیش بەرنامەی هەبێ . بەلام بەرنامەی زمانی فارسی ئەوە کەناڵی حزبی حیکمەتیستەو هیچ پەیوەندیەکی نیە بە سەناوە .

پ/ تۆوەك کەسێکی کۆمۆنیستو پەیڕەوی ئەفکارەکانی(منصورحکمت)، ڕات چییە بەرامبەر بەو ڕەخنانەی کەلەو ڕێبەرەتان لە لایەن رۆشنبیرانەوە دەگیرێت، بەتایبەتی شاعیرەکان، بەوەی کە منصورحیکمت رەخنەی لە (ئەحەمدی شاملۆ)گرتووە چونکە دژی گەمارۆری ئابووریو حیجابی ئیسلامی شیعری نەنووسیوە، تۆیەك کە ئەزموونێکی دوورودرێژی هونەریت هەبووە، لەسەر ئەم رایە دەڵێی چی؟



ڕێبوار عارف : وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو دیوی جیاوازی هەیە ناکرێت لیك هەڵکێشرێن. بۆیە تا ئەو شوێنەی بە ڕەخنەگرتنی سیاسی نەك جوین وتەشیر بە مەنسوری حکەمەت دەگەڕێتەوە ئاسایترین وسەرەتایترین مافی هەرکەسێك وهەر لایەنێکە. بەلام بەداخەوە لەڕاستیدا ئێمە لەکوردستان ڕووبەڕووی کەمترین ڕێژەی ڕەخنەگرتن دەبینەوە بە تایبەت لەلایەن ئەدیب وشاعیرانەوە لەسەر ئەو باسەی کە ئاماژەتان پێکرد. من زۆر خۆشحال دەبووم کە دوونموونەی ئەو ڕەخنانە تان بخسایەتە ڕوو بۆ ئەوەی کۆنکرێت هەڵوێستێکمان لەبارەیانەوە بگرتایە بەلام بەداخەوە نیە بە تایبەت لەبارەی بۆچوونی منسوری حکمەت لەسەر شاملۆ.

جیاواز لەمە سەدان نووسەرو شاعیرو ئەدیب لەدنیا ڕەخنەیان لە بۆشکین وگۆرگی و هەمنگوای وبرێخت و ستانسلافسکی گرتووە، سەدان نووسەر ڕەخنەیان لە شیرازی ومەولەوی و گوران وشیخ ڕەزاو کێو کێ گرتووە تازە لە ئیرانیشدا کەم نین کەسانێك کە ڕەخنەیان لە شاکارەکانی شاملۆگرتبێت. ئەی بۆ ناکرێ منسوری حکمەت ڕەخنە لە شاملۆ بگرێت. ئەو

تایبەتمەندیە چیە کە شاملۆ دەخانەتە خانەی مقدەس و دەست لێ نەدارو قەسەلەسەر نەکراو ؟. دیوێکی تری پرسیارەکە یان لە ڕاستیدا ئەوەی کەناوی دەنرێت ڕەخنەی منسوری حکمەت لە شاملۆ باسەکە لە هەلسەنگاندن ولێکدانەوەی شعرو شاکارەکانی ئەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە . بەڵکو ئەسلی مەسەلەکە بەوشێوە بوو لە کاتی مەرگی شاملۆدا هاورێ یەکی حزبی پرسیاری لەمنسوری حکمەت کرد سەبارەت بەوەی کە ئایا بۆچی حزب لەبارەی مەرگی شاملۆوە ڕاگەیاندنی نەبووە ؟ منسوری حکمەتیش بەنامەیەك وەلام بەو پرسیارە دەداتەوە بەناونشانی ( سەبارەت بە ڕەئی دەرنەبڕینی حزب لەپەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملۆ). کە دەڵێ:( بەبڕوای من حزب نەدەبوو لەپەیوەست بەمەرگی شاملۆوە نووسینێکی ئامادە بکردایە کە بەودا هەڵبدات یاخود ڕەخنەی لێ بگرێت. دروستیش کە ئەو کارەی نەکرد ) وەهاوکات دەلێ( بەبروای من دەبوایە لەپاش مەرگی شاملۆ نوسین ولێکولینەوە هەبوایە بەلام ئەوە ئەرکی حزبی سیاسی نیە، ئەرکی هونەردوستان و ئەدیب دۆستانە )... جیاواز لەمەش ئەو باسی ئەوە دەکات دەلێ ئەحمەدی شاملۆ شاعیرو ئەدیبی بزوتنەوەکەی ئیمە نەبوو شاعیری بزوتنەوەکانی تر وە دەڵێ ( شاملۆ ئەدیبێکی باش و داهێنەری بزوتنەوەی میللی و میللەتپەرستی ئیرانی بوو. هەمان بزوتنەوە بۆی هەیە بە ئازیزی خۆی بزانێ . ئەو دەلێ شاملۆ کەسێکی خۆشناوو بەریزو ئینسانی بوو. کاری پرۆفیشیونالانەی خۆی باش دەزانی. ئەم جۆرە ئینسانانە ،دەولەمەندی بە کۆمەلگا دەبەخشن. لە دنیای ئێمەدا ، داهێنانی ئەم جۆرە کەسانە، سەد بەرابەر زیاتر بەرجەستە دەبیتەوە، بەلام شاملۆ ئەلگوو سیمبول و چرای سەر ریی بزوتنەوەی ئیمە نەبوو.) ئەمەیە قسەو بۆچوونی منسوری حیکمەت لەسەر شاملۆو هەر لیرەشدا کە لە پەراویزی ئەم پرسیارە دەلێ ( شاملۆ ئەندامی هیچ بزوتنەوەو ڕێکخراوێکی ڕادیکال وئینسان دۆست نەبوو. لەبەرهەمەکانیدا سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی، مافی مندالان، بیمەی بیکاری، قەدەغەکردنی ئیعدام، لەناوبردنی کاری کریگرتە، سیستەمی نویی جیهان، گەماوری ئابوری لەسەر عیراق،... قسەی نابیسترێ. بۆیە بەبڕوای من قسەکە لەسەر رەخنەگرتنی منسوری حیکمەت نیە لەشاملۆ بەئەندازەی ئەوەی کەکەسانیك ئەوجۆرە ڕەخنەیان لەحیکمەت هەیە یالەڕوانگەی ناسیونالیستێکەوە دژ بە بۆچوونەکەی منسور حیکمەت قسەهەلدەدەن یا لە گۆشە نیگایەکی دواکەوتووانەوە کە پێیوایە؛کفرت؛ کردوە ئەگەر قسە لەسەر شیرازی، خەیام و مەولەوی و شاملۆ بکەیت رەخنە لەو ؛ زات و حەزرەتانە؛ بە سنوور بەزاندن لەقەلەم دەدەن .